کۆمەڵەی منداڵانی کورد-نەرویج
KMK
2006

ژمارە 5

2712 کوردی

2012 زاینی

# کوردیلەکان

# KURDÎLEKAN

وەرزە گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتییی‌یە بۆ منداڵانی کورد

کۆمەڵەی منداڵانی کورد لە نەرویج دەری دەکات



کوردیلەکانی ئەمڕۆمان نەوەی داهاتووی کوردستانن

# کوردیلەکان

# KURDÎLEKAN

**وەرزە گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی یە کۆمەڵەی منداڵانی کورد KMK لە نەرویج دەری دەکات**


**سەرنووسەر**

ڕەزا شوان

**جێگری سەرنووسەر و بەڕێوەبەری هونەری**

کوردین کازم یاقوب

**دەستەی نووسەران**

ناسر قادرپوور

نیشتیمان مەحموودی

شەیدا ئۆکای

بەفرین کەریمی

لێزان جەباری

**پەیوەندی**

Tlf: +47 986 62 384, +47 412 39 881

Email: r.shwan@hotmail.com

k-j-07@hotmail.com


©Design By: *Kurdin Jacob*

## کوردیلە ژیرەکانی کوردستان

## لە کوردستاندا بن یا لە هەندەران

چەند هەڵمژینی هەوای پاك و خواردن و خواردنەوە و نووستن و یاری کردن.. لە پێویستییە هەرە گرنگەکانی ژیانمانە.. دوای ئەمانە، ڕیزبەندی دێتە سەر خوێندنەوە. خوێندنەوەش پێویستییەکی زۆر گرنگە.. خۆراکی هۆشمانە.. هیچ تام و چێژێك، بە قەی خوێندنەوە بە تام و چێژ نین..

کتێب باشترین هاوڕێیە.. هەر کتێبێکی تازەت دەست بکەوێ واتە هاوڕێیەکی تازەت گرتووە.. کتێبخانەش وەك باخێکی پڕ لە میوەی هەمەچەشنە وایە.. هەر میوەیەك سوود و تامی خۆی هەیە.. وەکو گوڵزارێکی گوڵ هەمەڕەنگە وایە.. هەر گوڵێك جوانی و بۆنی خۆی هەیە.. هەروەها خوێندنەوەی هەر کتێب و گۆڤارێکیش چێژ و سوودی خۆی هەیە.. بە خوێندنەوەی هەمەبابەت.. ئاستی زانیاری و ڕۆشنبیریمان فراوانتر و ڕەنگیتر و زەنگینتر دەکەین.

چۆن لە هەموو ماڵێکدا چێشتخانەیەک هەیە .. پێویستە لە هەموو. ماڵێکدا کتێبخانەیەکیش هەبێ .. ئەو ماڵەی کتێبخانە و کتێبدۆست و کتێب خوێنەری تێدا نەبێ ، بە ماڵ نازانرێ .. بەلای ئێمەوە کتێبخانە لە چێشخانە گرنگتر و پێویستی ترە .. سکمان برسی بێ .. بەڵام مێشکمان برسی نەبێ .. با بخوێنینەوە .. تا زۆرتر بخوێنینەوە .. ئەوسا دەزانین کە زۆر کەم دەزانین .. ئەوەشی دەیزانین تەنها دڵۆپێکە لە دەریالۆشێکی زانست و زانیاری.

# وتـــەی ژمـــارە

منداڵە چاوگەش و ڕووخۆش و ژیر و جوانکیلەکان

کوردیلەکانی ئەمڕۆ و.. نەوەی داهاتووی کوردســـتان

نیشتمان خۆشترین و پیرۆزترین شوێنە.. هەموو کەسێك نیشتمانەکەی خۆی خۆش دەوێت و شانازیی پێوە دەکات.. لە هەر شوێنێکدا بێت داکۆکی لێدەکـات. نیشتمانی ئێمەی کـوردیش کوردستانە..شوێنی هەزاران هەزار ساڵەی باب و باپیرانمانە .. کوردستان زۆر جـوان و ڕەنـگینە.. پیرۆزە و لە دڵماندا زۆر شیرینە.. هەوای پاکیمان هەڵمژی.. ئـاوی ڕوونیمان نـۆشی.. بە بەروبوومی خۆشی گۆش کـراوین .. بە بینینی دیمەنە قەشـەنگ و ئەفسوونـاوییەکـانی سەرسام و دڵخۆشین.. بۆیە کوردستان بۆتە وێردی هەمیشەی سەر زارمـان. بووە بە هەناسە و خوێنی دڵ و گیانمان.. ناتوانین بەبێ کوردستان بژیـن.



تا ئێستا کوردستان لە لایەن داگیرکەرانەوە داگیرکراوە ، بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە .. داگیرکەرانی کوردستان زۆر دڵڕەق و دڕنـدەن ، زۆردار و بێویژدان و ستەمکـارن ، ستەم و نـاهەقییەکی زۆر لە گـەلەکەمـان دەکەن.. ئـازادی و مـافە ڕەواکـانمـانیان زەوت کـردووە.. تا ئەمڕۆ تەنـها بەشێك لە باشـووری کوردستانمان ڕزگـاری بـووە.. بەشەکانی تـری کوردستان ، هێشتا داگیرکراون.. بۆیە پێویستە هەموومان، بە ئـەوپەڕی توانـامانەوە بەبێ وچان تێبکۆشین و خەبـات بکەین و کۆڵنەدەیـن.. تا دوا بستی خـاکی کوردستان ، لە داگیرکەران ڕزگـاردەکەین.. تا ئـازادی و مافەکانمان وەردەگرین..ئێمەش وەکو گەلانی ئازادبووی دنیا.. لە کوردستانی خۆماندا بە ئازادی و ئاشتی بژین.




هـاوڕێ دڵسۆزەکـانم

ڕاستە گیـان شـیرینە ، ژیـان خۆشـە.. بـەڵام کوردستان شیرینتـرە، ئـــازادی خۆشترە..هەر کوردێك کوردستانپەروەر نەبێت، بۆ کوردستان دڵسۆز نەبێت و داکۆکیی لێنەکات ، بۆ ڕزگاریی تێنەکۆشێت ، لەگەڵ هەموو خۆشـی و ئازار و نـاخۆشییەکـانیدا نـەژی.. کەسەمـان خۆشـمان ناوێت و ، ڕێزی لێ نـاگرین.. بێگومان بە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانمان، بە قوربانی دانمان ، بە یەکڕیزی و یەکبوونـمان.. زووبێت یا درەنگ کوردستانمان لە داگیرکەران ڕزگـاردەکەین.

بێ شك هەر کوردستانە ♥ شابووکی ئەم جیهانە

« ڕەزا شـوان »




# نەورۆزتان پیرۆز بێت

جەژنی نەورۆز ، شاجەژی کورد و کوردسستانە .. جەژنی نەورۆز پیرۆزترین و دێرینترین و خۆشترین جەژنی نەتەوایەتیمانە.. نەورۆز جەژنی یەکەم ڕۆژی سەری ساڵی کوردیمانە.. جەژنی سەرکەوتن و ئازادی و سەرفرازیمانە.. جەژنی نەورۆز سونبولی برایەتی و تەبایی و یەکێتیمانە.. جەژنی دەست پێکردنی بەهار و ژیانەوەی گژوگیا و گوڵ و گوڵزارە .. خۆشیی خەڵکی دێهات و شارە.. جەژنی نەورۆز ڕۆژی سەیران و گەڕان و خۆشی و شادی و ئاشتییە .. پێویستە لە ڕۆژی جەژنی نەورۆزدا، جلوبەرگی جوانی نەتەوایەتی کوردیمان لەبەربکەین.. تەڵە نێرگزێکیش لە بەرۆکمان بدەین .. ئاگرێ نەورۆز بکەینەوە .. بە دەوری ئاگرەکەدا سروودی « ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە « بڵێینەوە .. بە زەردەخەنەوە پیرۆزبایی و گەردن ئازادی لەیەکتری بکەین . بەزم و شایی و هەڵپەڕکێ سازبکەین .. بە خۆشی و پێکەنینەوە ڕۆژی نەورۆز ئاوابکەین.

لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی«١٩٩١»ی گەلەکەمان لە باشووری کوردستان لە دژی ڕژێمی خوێنڕێژی بەعس. لە ڕۆژی جەژنی نەورۆزی ئەو ساڵەدا. شاری کەرکوکی کوردستان. لە داگیرکەران ڕزگار کرا. ئاڵای کوردستان لەسەر قەڵا دێرین و سەرکەشەکەی کەرکوکدا هەڵکرا.

## خۆشترین جەژنمان ، جەژنی نەورۆز
## پیرۆزبێت لە هەموو کوردێکی دڵسۆز



# ڕۆژی جیهانی منداڵان

کۆمەڵەی منداڵانی کورد «KMK» لە نەرویج، لە شاری بێرگن دا ـ دووەمین گەورە شاری نەرویج ـ کە تا ئێستا تاکە کۆمەڵەی منداڵانی کوردە لەم وڵاتەدا.

بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵانەوە، لە ڕۆژی « ١/٦/ ٢٠١١ » دا، کە لەم ڕۆژەدا بڕیاردرا، کە مافەکانی منداڵ بپارێزرێن و، بچنە بواری پێبەندبوون بە جێبەجێکردنەوە لە هەموو شوێنێکی جیهان دا.. بۆ یەکەمین جار لە نەرویج دا، کۆمەڵەکەمان بە فەرمی بەم بۆنەیەوە ئێوارە ئاهەنگێکی خۆش و قەشەنگی ، بۆ منداڵانی کوردمان سازکرد.. کە مایەی شادی و جێی پێخۆشحاڵی بوو لە لای منداڵانی کوردمان و دایک و باوکیان .. ئاهەنگەکە لە لایەن ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەکەمان « کوردین کازم یاقوب »ەوە بەڕێوە برا.. ئاهەنگەکە، بە وەستانی خولەکێک ، بۆ گیانی سەرجەم شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد .. بە تایبەتیش بۆ گیانی ناسک و ڕووحی پاکی ، بە سەدان پەپوولە و چۆلەکە بەهەشتییەکانمان ، منداڵە شەهیدەکانی کوردمان.. کە لە لایەن ڕژێمە ستەمکار و دڕندە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە ، لە کیمیاباران یا بۆردوومانکردن دا شەهید کران.. یا ئەنفال کران و بە زیندوویی لەگەڵ شووشە شیرەکانیان و مەمکەمژەکانی دەمیان و.. لەگەڵ بووکەڵە و تۆپە قنجەکانیان دا زیندەبەچاڵ کران .. ئینجا مارشی نەتەوایەتیمان « ئەی ڕەقیب » بە موزیک لە لایەن هونەرمەندی بەهرەمەندمان ، ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەکەمان کاک «ئارام ئەیووب »ەوە پێشکەش کرا.. دوای ئەوە دەستکرا بە پێشکەشکردنی بڕگەکانی پرۆگرامی ئاهەنگەکەمان :

١ـ مامۆستا « ڕەزا شوان » سەرۆکی کۆمەڵەی منداڵانی کورد ، بە گەرمی بەخێرهاتنی لە دایکان و باوکان کرد و پیرۆزبایی « ڕۆژی جیهانی منداڵان » یشی لە کوردیلە چاوگەشەکانمان کرد و .. بەم بۆنەیەشەوەوە وتەیەکی پێشکەش کرد.

داوای لە دایک و باوکان کرد..کە ڕێز لە مافەکان و خواستەکانی منداڵەکانیان بگرن.. ڕێشیان لێنەگرن، با بە ئازادی گوزارشت لە ڕا و بیر و بۆچوونی خۆیان بکەن پێویستییەکانی گەشەکردنیشیان بۆ دابین بکەن.



٢- ئەندامی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی منداڵانی کورد « کوردین کازم » هەندێک لە ماددە و بڕگەکانی جاڕنامەی مافەکانی منداڵی خوێندەوە.

٣- پیرۆزبایی و دەستخۆشیی« گرووپی هونەری کوردی »لە شاری بێرگن دا، بە بۆنەی ڕۆژی جەژنی جیهانی منداڵانەوە.. لە لایەن سەرۆکی گرووپەکەوە، هونەرمەندی ناسراوی شانۆکار مامۆستا « تارا عەلی » یەوە خوێندرایەوە.

٤- کاکەلەی ڕووحسووک، بەهرەمەندی دەنگ خۆش و زۆلاڵ، چرۆ هونەرمەندێکی ئەمڕۆ و ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی هونەری گۆرانیی داهاتوومان « ئارکۆ تاڵیب»بە هاوکاریی کاکی موزیکژەنی ، هونەرمەند کاک« ئارام تالیب» چەند گۆرانییەکی کوردیی خۆشی پێشکەش کرد.. کە بوونە مایەی چەپڵەباران کردن و ئافەرین کردنی کاکە ئارکۆ..

٥- هیوایەکی دواڕۆژی گەلەکەمان.. نەشمیلەیەکی ڕوخسارشیرین و لێو بە خەندە، ژیر و بلیمەت.. خونچەگوڵ « هۆنیا سدیق عەزیز » بە دەنگە ناسک وخۆش و بە سۆزەکەی بە زمانی نەرویجی بە هاوکاریی مامۆستا موزیکژەنە نەرویجی یەکەی ، چەند گۆرانییەکی پێشکەش کرد.. کە جێی سەرنج ڕاکێشان و پێخۆشبوونی منداڵان و سەرجەم ئامادەبووانی هۆڵەکە بوون.

٦- دوای پشوودان.. کاکەلەی ڕوخسارسووک ، دانسەرێکی زۆر گورج و گۆڵ و بە توانا و لەش سووک، کە تائێستا لە چەندین پێشبڕکێی دانس دا بەشداریی کردووە و ئەنجامێکی باشی بەدەست هێناوە،بەهرەمەند «دێرین دڵشاد شوانی » بە پێشکەش کردنی چەند دانسێک هەموو منداڵەکانی هێنایە جۆش و خرۆش.

٧- لە« بڕگەی من جیاوازم »دا، دە منداڵ چالاکی و توانا و بەهرەی هونەریی هەمەجۆرەیان پێشکەش کرد و.. هەموویشیان خەڵات کران.

٨- دووبارە هەر یەکە لە « ئارکۆ تالیب» و « هۆنیا سدیق عەزیز » چەند گۆرانی و پارچە موزیکێکی تریان پێشکەش کرد.

٩- چەپکە گوڵ و خەڵاتی هەمەڕەنگە ، پێشکەش بە منداڵە بەهرەمەندەکان و بەو دڵسۆزانەی کە هاندەر و پاڵپشتی کۆمەڵەی منداڵانی کوردن کرا.

١٠- ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەکەمان کاک « ئارام ئەیوب تالیب» لە ڕووی هونەرییەوە سەرکەوتنی بە ئاهەنگەکە بەخشی ، شایانی سوپاسە.

# ئاسکە نەخشینە

ئاسکە نەخشینە



دایکی سۆلاڤ

ئاسکە بچکۆلەی کێوی
جوان و سرك و بزێوی

شاجوانی ئاژەڵانی
هونەرمەندی کێوانی

بازدان و هەڵگەڕانت
ئەڕازێنن ژیانت

کام لوتکەی چیا سەختە
بۆ هونەری تۆ تەختە

ئەی لەشولار نەخشینە
چاوکەژاڵە زێڕینە

لە دەست ڕاوچی و دوژمنان
وەختە بفڕیت بۆ ئاسمان

سوید : ٢٠١٠




بەهرەمەندی دەنگخۆش.. هونەرمەندێکی داهاتوومان:

# ئـــارکۆ تـاليب

کاکـەڵەی خـوێن گەرم و دەنگخۆش ئـارکۆ ، تا ئێستا لە زۆربـەی ئـەو ئاهەنگانەی کە لە بـۆنە کوردییەکانماندا.. لە شاری بـێرگن لە نەرویـج سازکراون.. وەکو منداڵێکی بەهرەمەندی گۆرانییژ، بەشداری تیا کردوون.. سەرنجی بینەرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و چەپڵەبارانیان کردووە.

ئارکۆ ئەیوب تالیب ، لە « ١١/ ٣/ ١٩٩٨ » لە شاری کەرکوك لە دایك بووە.. لە ساڵی «٢٠٠٠» ەوە، لە نەرویـج دا نـیشتەجێ بوونە.. ئێستا قوتابییە لە پۆلی حەوتەمەم لەقوتابخانەی بنەڕەتی «هۆلەن سکولە» لە شاری بێرگن.. تەمەنی سێ ساڵی بوو،گۆرانییەکی زەکەریا عەبدوڵلا «بەو بەو باوانم» ی ئەوتەوە.. هەموو ئەندامـانی خێزانەکەشی پاڵـپشت و هانـدەرین ، بە تایبەتیش کاکی موزیکژەنی «ئارام تالیب» ئارکۆ لە ساڵی «٢٠٠٤»ەوە ، هەموو ساڵێك لە ئاهەنگی جەژنی نەورۆزدا لە بێرگن بە گۆرانی و سروود وتن بەشداری کردووە.. هەروەهاش لە ئەو ئاهەنگانەی کە لە سەری ساڵە زایینییەکاندا کـراون.. بە بێ جـیاوازیش لە ئاهەنگەکانی یادی دامەزراندنی پارتییە کوردییەکانماندا ، بە گـۆرانی بەشداری کردووە.. لەو ئاهەنگە قەشەنگەش کە «کۆمەڵەی مـنداڵانی کورد» لە ساڵی «٢٠١٠»دا لە شاری بێرگن بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵانەوە سازی کردبوو «ئارکۆ»کە ئەندامێکی ئەم کۆمەڵەیەیە، بە چەند گۆرانییەکی خۆش ئاهەنگەکەی ڕازاندەوە و ، ئارکۆ دەڵێ : «خۆشترین ئاهەنـگ کە بە شداریـم تـیا کـردووبێت.. ئـاهەنگەکەی ڕۆژی جیهـانی منداڵان بوو». ئارکۆ بێجگە لە گۆرانی، ئامێری «کیبۆرد»یش لێدەدا.. زۆریش حەزی لە یاریی تۆپی پێیە. یاریزانێکی یانەی «لینگبۆ» یە لە بێرگن. لەگەڵ ئارەزووەکانیشیدا. هـەوڵیش دەدات لە قوتابـخانەدا لە پێشکەوتندا بێت و ئاکامێکی باش بە دەست بهێنێت...

هـیوا و خۆزگەشی یەکگرتنەوەی هەر چوار پارچەی کوردستان و. دامەراندنی دەوڵەتی کوردستانە. هیوادرین کە ئارکۆ ببێتە ئەستێرەیەکی هونەری کوردیامان..



# بەشێك لە مافەكانی منداڵ

• كوردین كازم یاقوب •

بەپێی ڕاڤەی جاڕنامەی مافەكانی منداڵ .. « منداڵ هەر مرۆڤێكە كە تەمەنی لە هەژدە ساڵ كەمتر بێت » لە « ٢٠ / ی نۆڤەمبەری / ١٩٨٩ » دا .. لە لایەن ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە ، جاڕنامەی مافەكانی منداڵ دەرچووە.. كە بریتییە لە « ٥٤ » ماددە.. ئەمانەش بەشێكن لە مافەكانی منداڵ كە لەو جاڕنامەیەدا هاتوون .. هەر منداڵێك ئەم مافانەی هەیە :

☺ مافی خۆشەویستی و ڕێزگرتنی هەیە.

☺ مافی یەكسانی و جیاوازی نەكردن لە نێوان منداڵاندا ، بە هۆی ڕەگەز و نەتەوە و زمان و ئایین و ڕەنگی پێست و سامانەوە.

☺ مافی ئەوەی هەیە كە ، ناو و نازناوی هەبێت و، ڕەگەزنامەی پێبدرێت.

☺ مافی چوونە قوتابخانە و خوێندنی هەیە.

☺ مافی دابین كردنی خواردن و خواردنەوەی ئاوی پاك و، جێی حەوانەوە و حەسانەوەی هەیە.

☺ لە ناو پۆل وقوتابخانە و خێزانیشدا.. مافی ئەوەیان هەیە كە بە ئازادیی گوزارشت لە خۆیان بكەن و ڕای خۆشیان دەربڕن .. ڕێزیش لە خواستەكانیان بگرن .. لەو بڕیارانەش كە پەیوەندیان بە منداڵان خۆیانەوە هەیە.. پێویستە پەراوێز نەكرێن و دەنگیان وەربگرن. لە هەندێ كاتیشدا خۆیان بڕیاردەربن .

☺ پاراستنی منداڵ لە توند و تیژی و دڵڕەقی و زەبر و لێدان.

☺ نابێت بە تۆبزی كار بە منداڵ بكرێت..بەتایبەتیش كاری گرانی مەترسیدار.




☺ نابێت منداڵ ئەشکەنجە بدرێت..یا بە شێوەیەکی نامرۆییانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.. ناشبێت سزای لە سێدارەدان و بەندکردنی هەتاهەتای بدرێت .. بە هۆی ئەو تاوانانەی کە دەیکات.

☺ مافی پشوودان و یاری کردن و پێکەنین و خەونی هەیە.

☺ منداڵان مافی ئەوەیان هەیە.. کۆمەڵەی تایبەتی بە خۆیانەوە دابمەزرێنن

☺ پاراستنی منداڵان لە شەڕ و.. دوورخستنەوەیان لە ململانێ و لە شەڕی چەکداری و لە ئاژاوە و لە زەبروزەنگ.

☺ قەدەغەکردنی ڕفاندنی منداڵان .. یا فرۆشتنیان.. یا بازرگانی کردن پێیانەوە بۆ هەر مەبەستێك بێت .. یا بە هەر شێوەیەك بێت.

☺ پاراستنی منداڵ لە مادده هۆشبەرەکان .. یا ئەو ماددانەی کاریگەریان لەسەر منداڵ هەیە .. یا بە کارهێنانیان بۆ بازگانی کردن بەو ماددانەوە.

☺ منداڵان لە هەر شوێنێکی جیهاندا بژین.. بەبێ جیاوازی مافی ژیانیان هەیە.

☺ مافی تەندوستی و چارەسەرکردن و .. بردنە لای پزیشکیان هەیە .

☺ منداڵانی خاوەن پێویستییە تایبەتییەکانی لەش و هۆش ، هەروەکو منداڵانی ئاسایی هەموو مافێکی ژیانیان هەیە.

# هۆنیـــا ســـدیق عەزیـــز

هۆنیا نەشمیلەیەکی زۆر رووخۆش لێو بە خەندەیە.. زیرەك و ژیر و هێمنە..
هاوڕێ دۆست و کۆمەڵایەتییە.. هەر لە منداڵییەوە هۆگری موزیك و گۆرانی وتن بووە ..
شایانی باسیشە هەریەکە لە باوکی مامۆستا سدیق عەزیز کە
دەرهێنەرێکی شانۆیی ناسراوە .. لەگەڵ دایکی مامۆستا کوێستان
جەمال کە نیگارکێشێکی ئەکادیمی ناسراوە لە نەرویج و کوردستاندا..
هاندەرین و پێویستییەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنیان بۆ دابین
کردووە..دوو مامۆستای پریڤاتی نەرویجیان بۆ گرتووە..یەکێکیان
موزیکژەنە و وانەی موزیکی فێردەکات و ئەوی تریان فێری دەنگ
دەربڕینی دەکات.. هەردووکیان زیاتر لە چوار ساڵە مەشقی پێ
دەکەن و تا ئێستاش لە گەڵ هۆنیادا بەردەوامن. هۆنیا لە هەردوو
بوارەکەدا زۆر پێشکەوتووە..زیاتر هۆنیا بناسن:

خونچەگوڵ (هۆنیا سدیق عەزیز) لە ( ١٢ / ١١ / ١٩٩٩ ) لە شاری ( بێرگن ) لە ( نەرویج ) لە دیك بووە .
هۆنیا لە پۆلی ( حەوتەمە ) لە قوتابخانەی بنەڕەتی ( سیلیە داڵین ) لە شاری بێرگن.. لە وانەکاندا زیرەکە.. زۆر بە باشی زمانی دایکی ( کوردی ) و زمانی ( ئینگلیزی ) و ( نەرویجی ) دەزانێت.
هۆنیا لە تەمەنی حەوت ساڵیدا فێری ژەنینی ( کەمانچە ) بوو.. دواتریش فێری ( پیانۆ )لێدان بوو.. بەردەوامیش گۆرانیی دەوت..
تا ئێستا هەموو ساڵێك .. بە موزیك ژەنین و گۆرانی وتن لە هەموو ئەو کۆنسێرتانەدا کە قوتابخانەکەی سازیان کردوون.. هۆنیا بەشداری تیا کردوون و دەستخۆشی و ئافەرین بارانیان کردووە.

هۆنیا بە کوردی و نەرویجی و ئینگلیزی گۆرانی دەچڕێ.. لە ئاهەنگی ڕۆژی جیهانی منداڵان لە ساڵی( ٢٠١٠ )دا..کە کۆمەڵەی منداڵانی کورد لە بێرگن دا سازی کرد.. هۆنیا بە هاوکاری مامۆستا موزیکژەنە نەرویجییەکەی..ئاهەنگێکی گۆرانی و موزیکی خۆش و بە جۆشی بە نەرویجی و ئینگلیزی پێشکەش کرد .. زۆر سەرنجی هەمووانی ڕاکێشا و.. خۆشیی خستە دڵی منداڵانەوە.

هۆنیا بێجگە لە گۆرانی و موزیك.. ئارەزوویشی زۆر خۆش دەوێت بە تایبەتیش ئەسپ..
ماوەیەکیشە خەریکی ئەسپ سوارییە..هیوادرین کە ببێتە شۆڕەسوارێکی ئەم بوارەش .
هۆنیا هیوای ئەوە دەخوازێت.. کە ببێت بە گۆرانیبێژێکی ناسراو.. هەروەها بێتە خاوەنی کێڵگەیەکی ئەسپ بەخێوکردن.
ئێمەش هیواداریین ، کە هیوا و خۆزگەکانی هۆنیا خان بێنەدی.



# ڕێوی و شینەشاهۆ

گۆڕینی
لێزان جەباری





**ڕێوییەکە :** زووکە برسیمە بەچکەیەکی قەڵەوتم بۆ بخەرە خوارەوە.. ئەگینا بە دارەکەدا سەردەکەوم و دێم هەمووتان دەخۆم.

**کۆترەکە :** ها بگرە.. بە قوزەڵقورتت بێت.. تۆ بۆ وازمان لێناهێنیت..

**کۆترەکە :** چی بکەم ئەو ڕێوییە وازم لێناهێنێت.. ساڵ نییە بەچکەیەك یا دووانم نەخوات..؟

**شینەشاهۆکە :** تۆ بۆ هێندە نەزان و داماوی.. خۆ ئەو ناتوانێت بەو دارە بەرزەدا سەربکەوێت.. ئەگەر ئەمجارە هات بۆی مەخەرە خوارە.. پێی بڵێ ئەگەر ئازایت سەرکەوە.





**ڕێوییەکە** : دەی بەچکەیەکتم بۆ هەڵدە خوارەوە..ئەگینا دێم و هەمووتان دەخۆم.

**کۆترەکە** : ملت بشکێنە و بڕۆ لێرە .. بەچکەی خۆمت بۆ ناخەمە خوارەوە..
تۆ ناتوانیت بەم دارەدا سەربکەویت.

**ڕێوییەکە** : کێ ئەم ئامۆژگاری و تەگبیرەی بۆ کردیت..؟

**کۆترەکە** : شینەشاهۆی بلیمەت و دانا؟

**ڕێوییەکە** : شینەشاهۆی ژیر و بلیمەت.. شتێك هەیە بۆتە هۆی سەرسوڕمانم.. دەمەوێت لە بەڕێزتان بپرسم.. دڵنیام کە ئێوەی زیرەك و زانا و دانا وەڵامتان پێیە..

**شینەشاهۆکە**: (بەم پیاهەڵدانەی ڕێوییەکە لە خۆی بایی بوو ) جا بۆ ناپرسیت؟

**ڕێوییەکە** : ئەگەر لە باکوور و لە باشوورەوە ، بایەکی بەهێز هەڵبکات .. تۆ سەرت دەخەیتە کوێی لەشتەوە ..؟

**شینەشاهۆکە** : سەیرم بکە .. ئاوها سەرم دەخەمە ژێری باڵەکانمەوە..







**رێوییەکە :** ئەی ئەگەر لە هەموو لایەکەوە با هەڵبکات.. ئەوسا چی دەکەیت؟

**شینەشاهۆکە :** زۆر ئاسانە..بەم شێوەیە سەرم دەخەمە نێوان هەردوو ڕانمەوە.

( لەم کاتەدا ڕێوییەکە پەلاماری شینەشاهۆکەی دا و گرتی و.. دەستبەجێ بە گۆشت و ئێسکو پروسکەوە هەمووی خوارد و خۆی مەست کرد .. )

**هاوڕێ چیرۆکدۆستەکانم :** ئەمە وانە و پەندێکە بۆ ئەو کەسانەی کە ئامۆژگاری کەسانێکی تر دەکەن.. کەچی ئامۆژگاری خۆیان ناکەن و، تێدەکەون.



° ڕەزا شوان °

# ئارەزووی من

ئارەزووی من ئەوەیە
نووسین و خوێندنەوەیە

هەفتەی جارێ یا دوو جار
لە کتێبخانەی گشتی شار

دەخوازم کتێبی ئاسان
چیرۆك و شیعر و پەخشان

کتێب بووە بە هاوڕێم
ناتوانم لێی دابڕێم

لە گۆڤاری منداڵان
دەنووسم بابەتی جوان

زۆربەی نووسینەکانم
دەربارەی کوردستانم

ئەڵمانیا : ١٩٩٩



# مەتەڵ

مەتەڵەکەم ئاسانە
خۆشترین شوێنی جیهانە

لە هەشت پیتی تەواوە
بێ دووبارە کراوە

ناوی لەسەر زارمانە
پیرۆزە و نیشتمانە

شوێنی نەتەوەی کوردە
لانەی شێری نەبەردە

زیرەکی خۆت بنوێنە
چییە ناوی ئەم شوێنە

هاوارکە بێ ڕاوەستان
ئاوەدان بێ کوردستان

ئەڵمانیا : ١٩٩٨

# میوان



°° لەتیف هەڵمەت °°

دایکم دەڵێ سبەینێ
لە نیشتمانی خۆمانەوە
لە کوردستانەوە
میوانمان دێ
هەر ئێستا لەگەڵ دایە گیان
دەچم بۆ بازاڕی گوڵفرۆشان
چوار دەسك گوڵ دەکڕم
دەسکێ سوور وەکو خوێناو
دەسکێ سپی وەکو بەفر
دەسکێ کەسك وەك دارستان
دەسکێ زەرد زەرد وەکو هەتاو
لە ژووری میوان
دەیانخەمە ناو چوار گوڵدان
کە میوانەکان هاتن
دوای ڕۆژ باش و بەخێرهاتن
دەڵێم سەیرکەن بۆ پێشوازیتان
بە گوڵ کێشاومە وێنەی ئاڵای کوردستان





# هانز ئەندەرسون کریستیان

## °° ڕەزا شوان °°

کەڵەنووسەری دانمارکی و جیهانی ، لە بواری شانۆ و ئەدەبی منداڵان دا (هانز ئەندەرسون کریستیان) چەند بەرهەمێکی زۆر نایاب و جوان و پوختی پێشکەش بە هەموو منداڵانی جیهان کرد...

تا ئەمڕۆش هیچ نووسەرێکی تری جیهان لەم بوارەدا ، نەگەیشتوونەتە پایەی هانز و بەقەد ئەمیش منداڵانیان دڵخۆش و دڵشاد نەکردووە

هانز ئەندەرسون کریستیان لە ( ٢ / ٤ / ١٨٠٥ ) دا لە شاری « ئۆدنیز» لە دوورگەی« ڤینین » لە » دانمارك » لە دایك بووە.. باوکی پێڵاودروستکەر بوو ، دایکیشی جلشۆری ماڵە دەوڵەمەنەکان بوو .. بەڵام خۆشەویستی پێکەوەی گرێ دابوون.. لە خانوویەکی بچکۆلەدا دەژیان.

هانز منداڵێکی لەڕ و لاواز بوو .. لە وانەی وەرزش دا ، مامۆستاکەی لە ترسی ئەوەی کە نەکەوێتە بن دەست وپێی هاوڕێکانیەوە.. دەستی دەگرت. بەڵام منداڵێکی زۆر زیرەك و خەیاڵ فراوان و بیرتیژ و سەرنج ورد بوو. باوکی شەوانە چیرۆکی ئەفسانەیی و داستانە دێرینەکانی بۆ دەگێڕایەوە.

تەختە شانۆیەکی قنجیشی بۆ دروست کردبوو ، لەگەڵ چەندین جۆرە بووکەڵە دا ، کە بە بەن و دەزوو دەیبزواندن .. کە مایەی خۆشی بوون بۆ هانز .. هەر ئەم سەرەتایەش بوو هانزی هۆگری شانۆگەری و نووسین بۆ منداڵان کرد.. هەر لە منداڵێشەوە خولیای خوێندنەوە و نووسین بوو.

هانز تاقانەی خێزانەکەی بوو.. دوای مردنی باوکی .. کە تەمەنی هانز چواردە ساڵ بوو .. دایکی بەجێهێشت و ڕووی کردە « کۆپنهاگن »ی پایتەختی دانمارك .. بۆ
مێردمنداڵێکی گیرفان بە تاڵ و سك برسی و ڕەش و ڕووت و بێکار ژیان سەخت بوو ..
یەکەمین ساڵی لە کۆپنهاگن دا زۆر بە کوێرەوەری و نەبوونی و برسێتی و بێ جێی بردە سەر شوێنیکی نەبوو تێیدا بحەسێتەوە ..

بەڵام هانز خۆڕاگر و کۆڵنەدەر و بڕوا بە خۆ بوو.. بە هۆی بەڕێوەبەرێکی شانۆوە .. هەلی خوێندنی بۆ ڕەخسا و بوو بە قوتابی لە قوتابخانەی شانۆی شایانە بۆ موزیك و گۆرانی وەرگیرا.. لەگەڵ کچە گۆرانیبێژی سویدی « جینی لیند » لەسەر شانۆدا بە دووقۆڵی چەندین گۆرانی و سەمیان پێشکەش کرد..لە ساڵی« ١٨٢٢ » دا ، هانز بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە زاکۆی کۆپنهاگن دا وەرگرت.. وکو ئەکتەر و گۆرانیبێژ، هەلێکی باشی کارکردنیشی لە شانۆی پاشایەتیدا بۆ ڕەخسا..هانز دەستی بە نووسین کرد..

زۆر سوودی لە چیرۆك و ئەفسانە و داستانە کۆنەکان و داب و نەریتەکانی گەلەکەی وەرگرت و .. بوونە هەوێنی زۆربەی نووسینەکانی بۆ منداڵان.. هانز لە ساڵی « ١٨٣٥ » دا یەکەمین کتێبی خۆی بە ناوی « گێڕانەوەی ئەفسانەکان بۆ منداڵان » بڵاوکردەوە.. ژمارەی ئەو چیرۆکانەی نووسیوێتی « ١٥٠ » چیرۆکن ، ژمارەی هەموو کتێبە چاپکراوەکانیشی « ١٦٣ » کتێبن.. ئەم ژماریە بۆ ئەو سەردەمە زۆر زۆرن..

بابەتەکانی نووسینەکانیشی بریتین لە شیعر وشانۆگەری و چیرۆکی منداڵان و ڕۆمان .. هانز ئەندەرسون کریستیان بە زۆری بە هۆی ئەو نووسینانەی بۆ منداڵان ناوبانگی دەرکرد بەشی زۆری ئەوچیرۆکانەی بۆ منداڵان نووسیوێتی ، گۆڕاونەتە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان و .. تا ئەمڕۆش تام و چێژی خۆیان لەدەست نەداوە. هانز بیرەوەرییەکانی ڕۆژانەی ژیانی خۆشی .. لە سێ بەرگ دا بە ناوی « داستانی ژیانم » پێش مردنی چاپ کردووە کە « ٤٥٠٠ » لاپەڕەیە.. ئەمانە ناوی هەندێ لەو چیرۆکانەن کە هانز ئەندەرسون بۆ منداڵانی نووسیون : ( پەنجە باڵا « تۆما لیزە » ، دەریاچەی قازەکان ، شازادەی بەفر، قالۆنچە ، پێڵاوی سوور، گوڵەکانی ئیلدای بچکۆلە ،داری سەروو، قوتووی پاشەکەوت، دوو خۆشەویستەکە، ئەمەیە دڵنیایی ، جلە تازەکەی ئیمبراتۆر ، هیوای هیچ سوودێکی لێ ناکرێت ، پارەی « شیلن » زیوین ، کچە شوانەکە و پاکەرەوەی کولبێنە ، بولبول ، بولبولەکەی ئیمبراتۆر ، پەرییە بچکۆلەی دەریا ، مراویە بچکۆلە لاسارەکە ، چەرخێکی سەیر ، سەربازێکی ڕۆژنامەنووس، ....هتد )

لە ساڵی « ١٨٣٨ »دا .. خەڵاتی شاهانەی دانمارك بە هانز بەخشرا کە لەسەر ئەرکی دەوڵەت تا لە ژیاندایە هەر کاتێ بیەوێت دەتوانێت گەشت بۆ هەموو وڵاتانی ئەورووپا بکات.هانز سەردانی سی وڵاتی ئەورووپی کرد. چی سەرنجی ڕاکێشابێ ..وێنەی کێشاون یا شیعری بەسەر هەڵداون..

هانز ئەندەرسون کریستیان لە « ٤ ی / ٨ / ١٨٧٥ » لە کۆپنهاگن کۆچی دوایی کرد.. ساڵانەش دانمارك « خەڵاتی هانز ئەندەرسون کریستیان » دەدات بە نووسەری باشترین بابەتی نووسین بۆ منداڵان.

## هیوایەکی داهاتوومان.. دانسەری بلیمەت



# دێرین شوانی

کاکەڵەی ئێسك سووك وهێمن و ژیر و بلیمەت « دێرین شوانی » هەر لە منداڵییەوە ، هۆگری هونەری دانس « سەما » بووە.. بەردەوام ڕاهێنانی لەسەر دەکرد و..پێشدەکەوت..دایکی « تارا شوانی » و باوکی « دکتۆر دڵشاد شوانی » پاڵپشت و هاندەری بوون.. دێرین تا ئێستا لە نەرویج و سوید و لە ئینگلتەرا دا.. لە چەندین پێشبڕکێ و نمایشی دانسدا بەشداریی کردووە.. جێی سەرنج ڕاکێشان و دەستخۆشی لێکردنی بینەران بووە..هەردەمیش لەسەر پلەی یەکەم، ڕکەبەرایەتی کردووە .. چەندین خەڵاتی ڕیزلێنانی وەرگرتووە.

ناوی تەواوی « دێرین دڵشاد محەمەد شوانی » یە..لە « ٢١ / ١٠ / ٢٠٠٠ » لە دووروگەی « تیسنیس » لە نەرویج لە دایك بووە.. ئێستا قوتابییە لە پۆلی شەشەم لە قوتابخانەی بنەڕەتیی « بێرگن ئینتەرناشیۆناڵ سکولە » کە هەموو بابەتەکانیان بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن .. دێرین سەرەڕای زمانی دایك « زمانی کوردی »، زۆر بە باشیش زمانەکانی ئینگلیزی و نەرویجی و سویدی دەزانێ. دێرین منداڵێکی لەشولار نەرم و لەش سووك و زۆر گورجوگۆڵە.

تا ئێستا لە زۆر پێشبڕکێ و چالاکی و ئاهەنگدا.. دێرین وەکو « دانسەر » ێك بەشداریی کردووە.. بە کورتی ئەمە ناوی هەندێك لە بەشداری کردنەکانیێتی :

★ لە ساڵی « ٢٠٠٨ » دا.. لەسەر ئاستی وڵاتی نەویجدا بەشداری لە پێشبڕکێی « نۆرسکە تالێنتەر » واتە « من جیاوازم » بەشداریی کرد .. کە کەناڵی تەلەفزیۆنی « TV 2 » « بۆ بەهرەمەندان سازی کردبوو.. لە شەش قۆناخ دا.. دێرین لە چوار قۆناخی دا بە پلەی یەکەم سەرکەوت..

★ لەمانگی گەلاوێژی « ٢٠٠٧ »دا..لە پێشبڕکێی من جیاوازم لە شاری « لەندەن » لە بەریتانیا بەشداری کرد و خەڵاتی یەکەمی وەگرت.



★ له ئـاهەنگی ڕۆژی جەژنی جیهانی منداڵان له « ١ / ٦ / ٢٠١٠ »دا .. كه « كۆمەڵەی منداڵانی كورد ـ له نەرویچ » له شاری بیـرگن سازی كرد.. دێرین به پێشكەشكردنی چەند پارچه سەمایەك هەموو منـداڵانی نـاو هۆڵەكەی هێنایه جۆش و خرۆش و.. جێی سەرنـج ڕاكێشانی بێنەران بوو

★ له ساڵی « ٢٠٠٨» تەوه تا ئەمساڵ « ٢٠١١ » دێرین هەموو سـاڵێك له پێشبڕكێی دانس له قوتابخانەكەیدا بەشداریی كردووه و یەكەمین بووه.

★ ئێستاش دێرین ، بچوكترین ئەندامی گرووپێكی دانسی نەرویجی یه له شاری بێرگن به ناوی « وەی فۆروەرد » واته ڕێگای بـەرەو پێشەوه یا بۆ پێشوه.. تا ئێستا چەند چالاكییەكیان نمایش كردووه.

★ بێجگه له دانس دێریـن یاری «كاراتێ » و « تۆپی پێ » ش دەكات.. ئێستاش له ژێر سەرپەرشتی ڕاهێنەرێكی نەرویجی، پسپۆر له دانس دا.. دێرین ڕۆژانه مەشق دەكات و بۆ بەشداری كردن له فیستیڤاڵی ساڵانەی نمایشی دانس له بێرگن دا، خۆی ئاماده دەكات..دووباره هیوای سەركەتن بۆ كاكەلەی ڕوحسووك دێرین شوانی دەخوازین.











موزیکژەن و گۆرانیبێژی مەزنی کوردمان خاتوو

# تـــارا جــاف

کەڵە هونەرمەندی گەلەکەمان.. خانمە موزیکژەن و گۆرانیبێژی دەنگ ناسك و بەسۆزمان .. خاتوو تـارا جاف بە موزیك و گۆرانییە شیرینەکانی چۆتە ناو دڵی هۆگرانی گۆرانی و موزیکی ڕەسەنی کوردیمان.. تارا جاف وەکو گوڵێکی گەشی گوڵزاری هونەرمەندە ڕەسەنەکانی کوردیمان.. باخچەی گۆرانی و موزیکی کوردیمانی قەشەنگتر و دەوڵەمەنتر و ڕازاوەتر کرد..هونـەرمەند تارا جاف تا ئەمڕۆش یەکەمین هونەرمەندی کوردمانە..لە هەموو کوردستاندا کە ئامێری موزیکی« چەلەنگ - هارپ » زۆر بە باشی دەژەنێت.

لە ڕۆژی شەممە « ١٢ / ٣ / ٢٠١١ » لە ئێوارە یەکی هونەریدا..کە « دەستەی کۆڕ و سیمینار » لە شاری « بێرگن » لە « نەرویج » بۆ شاعیری ناسراومان « دلاوەر قەرەداغی » و موزیکژەن خاتوو « تارا جاف » سازیان کرد..هاوکات تارا خان لەگەڵ کاك دلاوەردا ، کە چەند پارچە شیعرێکی خۆی خوێندەوە.. تاراش بەپێی خوێندنەوەی شیعرەکان.. بە ئامێری چەلەنگ موزیکی بۆ کاك دلاوەر لێدەدا .. لە دواییشدا بە دەنگە ناسکەکەی گۆرانییەکی تازەی بڵاونەکراوەی پێشکەش بە ئامادە بووان کرد..هەر لەوێدا ئەم دیمانەیەمان لەگەڵیدا سازدا :





تارا جاف و کوردین کازم



**کوردین** : حەزدەکەین خۆتان بە کوردیلەکان بناسێنن.

**تارا** : تارا جەلال حامید بەگی جاف..لە » ٢٥ / ١١ / ١٩٥٨ « لە شاری بەغدا لە دایك بووم .قوتابخانەی ناوەندیشم هەر لە بەغدا تەواوکرد.. لە ساڵی « ١٩٧٦ » ەوە تا ئەمڕۆ لە شاری لەندەن » لە « بەریتانیا » دەژیم.. لە لەندەندا خوێندنی زانکۆم تەواوکرد.. بڕوانامەی بەکەلۆریۆسم لە « دەروونناسی ـ سایکۆلۆژی » دا وەرگرت.

**کوردین** : لە کەیەوە هۆگری موزیك و گۆرانی کوردیمان بووی ؟

**تارا** : هەر لە تافی منداڵیمەوە هۆگری موزیك و گۆرانی کوردی بووم.. تەمەنم سیانزە ساڵ بوو« گیتار» م لێدەدا.. وا هەژدە ساڵیشە « هارپ ـ چەلەنگ » لێدەدەم.



**کوردین** : ئەو ئاهەنگ و چالاکییانەی لە ئەوروپا و کوردستاندا ئەنجامت داون؟

**تارا** : چالاکییەکانم زۆرن..تا ئێستا چوار کۆنسێرتم لە ئەوروپادا سازکردووە..
ئەم ساڵیش «٢٠١١» لە شاری « هەڵەبجە » دا کۆنسێرتێکم کرد.. لەگەڵ هونەرمەند « عەدنان کەریم » یشدا ، لە چەند پایتەختێکی ئەوروپادا..بە موزیك بەشداریی گۆرانییەکانیم کرد..لە » باکووری کوردستان »یشدا، لە فیستیڤاڵێکی هونەریی کوردیدا بەشدریم کرد.. لە «٢٠١٠» لە شاری « دهـۆك » دا لە شانۆگەری « یادی ئەنفال » دا بەشداریم کرد.. لە » گەلەری سلێمانی » شدا کۆنسێرتێکم کرد..لە کونسێرتێکی جیهانیشدا « موزیکی جیهانی – World Music » دا لە لەندەن بەشداریم کرد.. کۆنسێرتێکم لە « سکۆت لەند » ە کرد.. دوو کونسێرتی ترم لەلەندەن کرد.

**کوردین** : وەکو هەڵەبجەییەك.. چیت بۆ منداڵانی هەڵەبجەی شەهید کردووە..؟



**تارا** : من ئەندامی فیستیڤاڵی فیلمی کوردیم لە لەندەن .. داهاتی پارەی ئەو فیستیڤاڵەمان بۆ دروستکرنی باخێك بۆ منداڵانی هەڵەبجە نارد.

**کوردین** : پرۆژە هونەرییەکانی داهاتووتان چین..؟

**تارا** : تا بتوانم درێژە بە چالاکییە هونەرییەکانم دەدەم و.. لەم بوارەدا بە ئەوپەڕی توانامەوە خزمەتی کورد و کوردستان دەکەم .. نیازی دەرهێنانی « CD » یەکی گۆرانیم ..لە ئاواز و موزیکی خۆم.
هەروەهاش من موزیکی فیلمێکی کوردی دادەنێم ، کە لەسەر منداڵانی کیمیاباران کراوی دێی « گۆپ تەپە »ی ناوچەی ئاغجەلەر..





## گۆرانیبێژی دەنگخۆشی ناسراوی کوردمان

# بەختیار ساڵح



دیمانە/ دیلان جەباری

هونەرمەندی ناسراوی دەنگ زوڵاڵ و سەدا خۆشی گەلەکەمان .. گۆرانیبێژ کاك بەختیار ساڵح .. خاوەنی چەندین گۆرانیی ڕەسەنی کوردییە .. لە ڕۆژی « ٢ / ٣ / ٢٠١١ » دا، لە شاری « بێرگن » لە « نەرویج »دا، بە بۆنەی جەژنی نەورۆزی پیرۆز و سەری ساڵی نوێی کوردییەوە «٢٧١١».. لەگەڵ دوو هونەرمەندی تری کوردمان ئێوارە ئاهەنگێکی خۆشیان ڕازاندەوە. لەم ئاهەنگەدا کاك بەختیار.. گوڵبژێرێکی لە گۆرانییە خۆشەکانی پێشکەشکرد و هۆڵەکەی جۆشدان.. بۆ زیاتر ناساندنی گۆرانیبێژ کاك بەختیار ساڵح بە کوردیلە هونەردۆستەکانمان ..

چەند پرسیارێکمان لێکرد.. وەڵامەکانی کاك بەختیاریش

ناوی تەواوم :(بەختیار ساڵح محەمەد)ە.. لە «٢١ / ١ / ١٩٧٩» لە شاری سلێمانی لە دایکبوومە..خەڵکی دێی « شارباژێرین »تا پۆلی هەشتی بنەڕەتیم خوێندووە.. سەرەتای هونەریم لە ساڵی «١٩٩٥» بووم بە ئەندامی « گروپی موزیکە میللیەکان ـ سلێمانی » وەکو موزیکژەنێك. بە باشی ئەم ئامێرانە دەژەنم: « باڵابان ، نای ، کیبۆرد ، دەف ، زەرب ، لەگەڵ چەند ئامێرێکی فووداری تردا...» لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا دەستم بە گۆرانی وتن کرد..زۆریش مەیلی گۆرانیی فۆلکلۆری دەکەم چونکە ڕەسەنایەتی هونەری گۆرانی کوردیان تیا بەدیدەکەم. لە هونەرمەندانی کوردیشمان ، حەزم لە دەنگی ناسری ڕەزازی و حەسەن زیرەك و میکاییلە.. یەکەمین گۆرانیشم « شیلانە » بوو.. تا ئێتاش چوار ئەلبوومی گۆرانیم لەسەر « سی دی » تۆمار کردووە .. خەریکی تۆمارکردنی ئەلبوومی پێنجەمم .. لە تەلەفزیۆنیشدا « ١٢ » گۆرانیم تۆمار کردووە..

زۆربەی تێکست و ئاوازەکان لە دنانی خۆمن .. بە نیازیشم گۆرانییەکی جوان و گونجا و پێشکەش بە منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان بکەم.

ئێستا پەنابەرم لە وڵاتی « نەمسا » و لە شاری « ڤیێنا »ی پایتەختدا دەژیم .. لە ساڵی « ٢٠٠٧» شدا ، ژیانی هاوسەرگیرم پێکەوەناوە.تائێستا چەندین ئاهەنگی گۆرانیم لە شارەکانی وڵاتانی ئەورووپادا پێشکەش کردووە.

# پاشا و وەزیر

نووسینی ⭑ قادر نیکپوور ⭑ ئۆسلۆ

شێرێك پاشای دارستانێك بوو.. شێرەكە پیرببوو .. توانای ڕاوكردن و پاشایەتی نەمابوو. بڕیاری دا كە جێگرێك هەڵبژێرێت و.. لە شوێنی خۆی بیكات بە پاشای دارستانەكە بۆ ئەم مەبەستەش گیاندارەكانی ژێر دەسەڵاتی خۆی كۆكردەوە و باسی بڕیارەكەی بۆ كردن.

**شێرەكە** : من پیربوومە و پەكم كەوتووە .. پێش ئەوەی كە بمرم .. دەمەوێت یەكێكتان هەڵبژێرم و.. بیكەم بە پاشای دارستانەكەمان.. جا كامتان لە خۆی رادەبینێت و توانای ئەم كارەی هەیە. با دەست بەرزەوە بكا و قسەی خۆی بكات.

**( هەموو گیاندارە ئامادەبووەكان .. دەستیان هەڵبڕی و قسەی خۆیان كرد.. تەنها كەرە دێزە نەبێت .. كە نەدەستی هەڵبڕی و نە قسەشی كرد..؟! )**

**شێرەكە** : كەرە دێزە بۆ وا بێدەنگیت و قسە ناكەیت .. ناتەوێت ببیت بە پاشا..؟

**كەرەدێزە** : گەورەم ئەمە گەورەترین هیوامە.. بەڵام كەی كەر شایانی پاشایەتییە؟

**شێرەكە** : تۆ كەرێكی ژیر دیاری و.. بەختی خۆت تاقیبكەرەوە .. بەڵكو بەخت یاوەرت بێت .. من تۆ بە پاشای دارستانەكەمان دادەنێم .. بە مەرجێك هەموویان ڕازی بن و كەس گلەیی و سكاڵای لە سەرت نەبێت ..؟ ڕازیت بەم بڕیارەم؟

**كەرەدێزە** : من چۆن دەتوانم ، بڕیاری پاشای گەورەمان ڕەتبكەمەوە.. بەڵێ ڕازیم.

**( كەرێكی بۆزە لەو لاوە دەستی بە زەڕە زەڕ كرد .. شێرەكە بانگی كرد .. )**

**كەرەبۆزە** : بەڵێ..كاتی خۆی ئێمە دەوڵەمەند و تێروتەسەل بووین..بەڵام كەرە دێزەی هاوڕێم هەژار و برسی و لاوازبوو .. هەموو ڕۆژێك بەشێك لە ئالیكەكەی خۆمم دەدایی .. ئێستا بە پێچەوانەوە من هەژار و لاوازم و ئەو قەڵەوبووە و هەیەتی. دەمەوێت پاداشتی چاكەكەم بداتەوە .. ئەو پاشا بێت و منیش بكات بە وەزیری خۆی.. چونكە من دەزانم كە حەز لە جۆرە ئالیكێك دەكات .. دەبێت بەم داوایەم ڕازی بێت .

**كەرە دێزە** : ڕاست دەكەیت كە من قەرزاری تۆم .. بە داواكەت ڕازیم .. بەڵام بە مەرجێك ڕۆژانە بەشێك لە ئالیكەكەی خۆتم بدەیتێ .

**( كەرەدێزە بوو بە پاشا و .. بۆزەی هاوڕێشی كرد بە وەزیری خۆی )**

**گیاندرەكان پێكەوە** :

بـژی پـاشا..

بـژی وەزیـر..

بـژی پـاشای كەر..

بـژی كەری وەزیـر..



# ئیمان ستار جەباری

ئیمان خونچەگوڵێکی گەشی کوردە ، خوێن گەرم و ڕووخۆشە.. ئەمساڵ دەرچووە بۆ پۆلی شەشەم لە قوتابخانەی ئەختەری بنەڕەتی لە گەڕەکی ڕەحیماوا لە شاری کەرکوکی خۆشەویستدا.

ئیمان لە ساڵی« ٢٠٠٠» لە کەرکوك لەدایك بووە..هەر لە منداڵییەوە هۆگری وێنەکێشان و کاری دەستی بووە. لە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ و پەڕۆوپاڵ و موتوموورووو ، گوڵ و بووکەڵە و شتی قنج و جوانی دروست دەکرد.. تا ئیستاش درێژە بەم ئارەزوویەی دەدات.. زیاتریش خووی داوەتە کارە دەستییەکانی .. هەموو ساڵێکیش لە پێشانگای ساڵانەی قوتابخانەکەیدا بە وێنە و کاری دەستی بەشداریی کردووە و خەڵاتی ڕێزلێنانیان پێ بەخشیوە.

ئیمان لە ماڵەوە و لە قوتابخانەشدا ، هێندە خەریکی کاری دەستی و دروست کردن و ڕازاندنەوەیە..لە ماڵەوە و هاوڕێکانی قوتابخانەکەشی بە « موژگان خان » ناوی دەبەن..

( موژگان خان : ئەو خانمە کوردە دەسترەنگینەمانە، کە لە بەرنامەی ـ ئەڤین ژن و ژیان ـ ی کەناڵی«٤» لە گۆشەیەکی هۆڵەکەدا.. بە پراکتیزەکردن لە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ و لە بەن و پارچە قوماش و کارتۆن و لە چیلکەدار و کەرەستەی تری جۆرەها شتی دەستکردی جوان و دیاری دروست دەکات.)

ئیمان سەرەڕای بەهرەی هونەریی .. گیانی هاوکاری و خزمەتکردنیشی هەیە.. هەموو هەفتەیەك ڕۆژێك لەگەڵ هاوڕێکانیدا بە هەرەوەزی پۆلەکان قوتابخانەکەیان پاك دەکەنەوە و دەیڕازێننەوە. ئیمان زۆریش حەز بە خوێندنەوەی کتێب و گۆڤاری منداڵان دەکات. هیوای پێشکەوتن و ئایندەیەکی گەش بۆ ئیمان خان دەخوازین.










# Dragefaren



بەفرین کەریمی

Den lange skoledagen var endelig over, og Elvira var på vei hjem. Hun hadde hatt en lang dag, og var klar til å dra hjem å gjøre ingenting. På vei hjem var det nok en gang en mann som fulgte etter henne. Akkurat den mannen hadde hver dag den siste uken holdt et godt øye med henne. Mannen så egentlig ganske snill ut, og smilte til og med til Elvira et par ganger.
– Elvira! Ropte det en ganske mørk stemme bak henne.
Elvira snudde seg. Det var mannen som ropte navnet hennes.
–Ja? Spurte hun litt redd i stemmen.
– Hvordan vet du navnet mitt? Fortsatte Elvira.
–Jeg må snakke med deg, Elvira. Magiverdenen trenger din hjelp! Hvisket han ganske høyt.
Elvira så på han en liten stund og snudde seg. Før hun visste ordet av det så løp hun. Hun løp hjem, langt vekk fra han.

Elvira stresset seg hjemover. Hun låste fort opp døren til huset hennes og lukket den hardt igjen. Elvira gikk bort til sofaen og la seg ned. Moren hennes var hjemme, noe hun egentlig nesten aldri pleier, siden hun jobber så mye.
–Elvira? Er det deg jenta mi? Hørte hun en stemme fra huset. Moren hennes gikk bort til sofaen og satt seg ned med en pc på fanget.
–Hvordan har dagen din vært? Spurte hun nysgjerrig som hun vanligvis gjør. Elvira fortalte om den rare mannen som spurte henne om hjelp til magiverdenen.

–Da må du dra, Elvira! Du må hjelpe og bruke kreftene dine til noe godt! Ropte hun glad til Elvira selv om hun egentlig satt rett ved siden av. Men Elvira nektet. Hun klarte ikke kontrollere kreftene sine, så det var vel umulig å prøve å hjelpe, mente hun.

Noen dager senere hadde moren til Elvira klart å overbevise henne om å hjelpe magiverdenen. Elvira hadde sett mannen som spurte om hjelp, og de hadde planlagt å møtes i dag.

Elvira og moren hennes var på vei til å møte mannen som trengte hjelp. Hun ville ikke bli med å hjelpe hvis ikke moren skulle bli med henne, for da kan i det minste en av de kontrollere kreftene sine, hadde Elvira sagt. De møtte mannen i en liten skog rundt 15 minutter unna. Mannen gjorde noe ganske rart med hendene og fikk frem en liten tornado rundt dem. Vind som blåste rundt dem og tok dem med til et ganske spesielt sted. Et sted med ganske rare folk som ikke ligna på mennesker i det hele tatt. Så det var vel altså dette mannen mente med *magiverdenen.*

–Hva er det magiverdenen trenger hjelp med? Spurte moren til Elvira forvirret.
–Det er jo ikke noe som skjer her.

Mannen så seg fort rundt og viste dem en slags kule som hadde bilder som bevegde seg, nesten som en film. Inni kulen var det en drage som tente fyr på alt og hadde en slags stein som han brukte til å kontrollere alt og alle med.
–Akkurat nå er det slik det er i magiverdenen. Vi trenger deres hjelp til å beseire han og ta fra han den steinen han holder nå, den steinen er veldig viktig.

Hvisket mannen høyt mens han så seg rundt. Han var nok redd for at noen kunne høre dem.
–Er dere klare? Spurte han mer nervøst en det Elvira var. Elvira og moren hennes så på hverandre og nikket, så gjorde mannen noe med hendene sine og fikk oss til den andre siden av magiverdenen.

I magiverdenen var det helt kaos, og Elvira og moren hennes ble begge redde. Dragen la så på Elvira og moren hennes og stirret på dem. Moren hennes så på han hun også. De så begge på hverandre en liten stund, og Elvira var utrolig forvirret.
–Ylva, er det deg? Spurte dragen og forandret seg fort til en helt vanlig mann.

–Elvira? Sa han og kom nærmere dem.

Elvira skjønte nesten ingenting, men det så veldig ut som om moren hennes skjønte litt mer enn henne.
–Roger, er det deg? Spurte moren til Elvira plutselig.
–Hva er det som skjer!? Ropte Elvira forvirret.

Så ble det plutselig klart for Elvira. Roger er navnet til faren hennes. Han mannen som nettopp forvandlet seg fra en drage til et menneske er faren hennes. Faren hennes som dro fra Elvira og moren hennes da Elvira var tre år gammel.

Han gikk sakte mot Elvira. Hun tok frem hendene sine og kasta han bort så han falt. Elvira var sint, veldig sint. Moren hennes så overrasket på henne.
–Hva er det du gjør? Spurte hun sint, selv om hun visste grunnen til at Elvira gjorde som hun gjorde. Elvira så steinen som hadde falt ut av hånda hans og løp bort og tok den samtidig som hun brukte kreftene sine igjen og dyttet han bort fra den.
–Elvira! Ropte moren hennes, men fikk intet svar.
Elvira holdt steinen og så på faren sin et øyeblikk. Hun holdt steinen hardt, og så kasten den hardt ned på bakken så den knuste. Elvira reddet den magiverdenen og folkene der. Hun var en helt. En helt som hadde ødelagt for faren sin. Det var noen som kom bort og tok han med til et slags fengsel, men det brydde ikke Elvira seg om. Hun klarte ikke tilgi faren sin for at han hadde forlatt dem for ingen grunn.

Alle disse årene hadde Elvira ønsket å møte faren sin, og når det endelig skjedde, så ødela hun det. Moren til Elvira så på henne som hun aldri hadde gjort før.

–Han fortjente det, sa Elvira da det drapp en tåre nedover kinnet hennes.



## لە ئافرەتە ناودارەکانی جیهان

# ڤالەنتینا تریشکۆڤا



گۆڕینی/ چنوور شوان

ژنەپاڵەوانی ڕووسی ، یەکەمین ئافرەتی کەشتییەوانی ئاسمانی جیهان .. خاتوو ( ڤالەنتینا تریشکۆڤا ) هەتاهەتایە. ناوی چووە لاپەڕە شکۆداری و پڕ لە شانازییەکانی مێژووی جیهانەوە .. ئەم ئافرەتە بۆ دنیای سەلماند ، کە ئەو کارە گەورانەی کە پیاوان دەیکەن .. ئافرەتانیش وەکو ئەوان دەتوانن بیکەن.

ڤالەنتینا تریشکۆڤا، لە ڕۆژی« ٦ی / ئاداری / ١٩٣٧» لە دێیەك لە ناوچەی «بارۆسلاڤل» لە ڕووسیا لە دایکبووە، باوکی شوفێر بوو، دایکیشی کرێکارێکی کارگەی چنین و ڕستن بوو .. ڤالەتینا هێشتا قوتابخانەی تەواو نەکردبوو، لە ساڵی « ١٩٥٤»دا لە کارگەی دروستکردنی تایەی ئۆتۆمبیلدا کاری دەکرد..لە هەمان کاتیشدا لە قوتابخانەی ئێوارانی کرێکاراندا، درێژەی بە خوێندن دەدا. بوو بە ئەندامیش لە یانەی ئامادەیی فڕیندا.. ڤالەتینا « ٩٠ » جار زۆر بە سەرکەوتوویی بە پەڕەشووت لەئاسمانەوە ، خۆی هەڵدایە خوارەوە.

لە ساڵی « ١٩٦٢»دا.. کە بڕیاردرابوو ئافرەتێك بۆ گەشتێکی ئاسمانی بنێرن.. لە نێوان سەدان ئافرەتی ڕوسیدا ، کە داخوازییان نووسیبوو .. ڤالەنتینایان بۆ ئەو گەشتە هەڵبژارد .. چونکە لە هەموو تاقیکردنەوەکاندا دەرچوو و هەموو مەرجە پێویستییەکانیشی تێدابوون .. کچە شەهیدیش بوو ، باوکی لە شەڕی نێوان ڕووسیا و فینلەندا شەهید بوو .. ڤالەنتینا چووە کۆلێژی سەربازییەوە.

ڤالەنەتینا ئامادەی گەشتەکە بوو.. چووە ناو کەشتیی ئاسمانی « ڤۆستۆك ـ ٦» کە کەشتییەوانی ئاسمانی « ڤالیری بیکۆڤسکی » کەشتییەکەی لێدەخوڕی.. هەڵفڕین.. گەشتەکە نزیکەی سێ ڕۆژی خایاند..« ٤٨ » جار بە دەوری زەویدا سوڕانەوە.. ڤالەتینا لە ئاسمانەوە چەندین وێنەی جۆراوجۆری زەوی گرت.

تا ئێستا زۆر کەم ئافرەتی ڕووسی ، بەقەد ڤالەنتینا تریشکۆڤا پلەو پایەی بالایان لە دەوڵەتی ڕووسیادا وەرگرتووە.. ڤالەنتینا لە دوای گەشتەکەشی درێژەی بە خوێندن دا ، تا بڕوانامەی دکتۆرای لە زانیاری تەکنەلۆژیادا وەرگرت.. دواتریش پلەی پرۆفیسۆری بەدەستهێنا .. زیاتر لە پەنجا تۆژینەوەشی نووسیوە.



ڤالەنتینا تریشکۆڤا

تا ئێستا زۆر کەم ئافرەتی ڕووسی ، بەقەد ڤالەنتینا تریشکۆڤا پلەو پایەی بالآیان لە دەوڵەتی ڕووسیادا وەرگرتووە.. ڤالەنتینا لە دوای گەشتەکەشی درێژەی بە خوێندن دا ، تا بڕوانامەی دکتۆرای لە زانیاری تەکنەلۆژیادا وەرگرت.. دواتریش پلەی پرۆفیسۆری بەدەستهێنا .. زیاتر لە پەنجا تۆژینەوەشی نووسیوە .

ڤالەنتینا لە » ٢٢ / یونایەری / ١٩٧٩ » شووی یەکەمی کرد..دوای ماوەیەکی کورت جیابوونەوە .. دووبارە شوویەکی تری کرد .. تەنها کچێکی هەیە بەناوی « ئیلینا »وە .. بەلآم لە ساڵی « ١٩٨٢ »دا.. لە مێردی دووەمیشی جیابۆوە.

لە ساڵی« ٢٠٠٧ » دا بە بۆنەی جەژنی حەفتا ساڵەی لە دایکبوونی ڤالەنتیناوە. ئاهەنگێکی گەورەیان بۆ سازکرد..کە ڤلادیمێر بۆتینی سەرۆکی ئەوسای ڕوسیا ( کە ئێستا سەرۆك وەزیرانی ڕووسیایە ) ئامادەی ئاهەنگەکەی بوو.

ڤالەنتینا تیریشکۆڤ، بە پلەی سەربازی « لیوا » لە سوپای ڕووسیا دا خانەنشین کرا.. تا ئێستا چەندین خەلآتی ڕێزلێنانیان پێ بەخشیوە.. ڤالەنتینا لەم تەمەنەشدا دەڵێت: « ئێستاش ئامادەم ئەگەر بیانەوێت بەرەو ئاسمان بمنێرن »

تا ئێستا چەندین ، شەقام و گۆڕەپان و قوتابخانە لە شارەکانی ڕووسیادا ، بە ناو « ڤالەنینا تریشکۆڤا » وە ناونراون .. ناوچەیەکی گرکانیش لەسەر مانگدا بە ناوی ئەم خانمە ناودارە « ڤالەنتینا تریشکۆڤا » وە ناونراوە .. ڤالەنتینا ئەندامی شانازی و ڕێزلێگیراوی چەندین شارە لە جیهان دا.



کوردیلە جوانکیلەکانی کوردستان : ئەوەی ئێمە دەربارەی ڤالەنتینا تریشکۆڤا گۆڕیومانە .. تەنها کورتە باسێکە .. کە گەورەبوون دەتوانن گەلێ شتی زیاتر دەربارەی ژیان و کار و خزمەتگوزارییەکانی ، ئەم ئافرەتە ناودارەی جیهانی بخویننەوە..
هیواداریشین ڕۆژی لەڕۆژان، کچە کوردێکی کوردستانیش کارێکی مەزنی ئەوتۆ لە بوارێکدا ئەنجام بدات .. کە ببێتە مایەی شانازی بۆ خۆی بۆ کورد و کوردستان .. ئێمەی کوردیش ئافرەتی تێکۆشەری نەمرمان زۆرن.

# فیستیڤاڵی هونەری شانۆ بۆ منداڵان لە هەولێر




لە کاتژمێری یانزەی رۆژی ( 10 / 02 / 2011 ) لە هۆڵی چالاکی قوتابخانەکان لە شاری هەولێردا. فیستیڤاڵی ساڵانەی هونەری شانۆی کوردی بۆ منداڵان دەستی پێ کرد.. سەرنووسەری ( گۆڤاری کوردیلەکان ) بۆ ئەم فیستیڤاڵە بانکرابوو، بە پێخۆشحاڵییەوە ، ئامادەی رۆژی یەکەمی فیستیڤاڵەکە بوو .
سەرەڕای دایکان و باوکان و منداڵان و شانۆدۆستان ، کۆمەڵێکیش لە بەرپرسانی پەروەردەی هەولێر و چەند وێنەکر و ڕاگەیاندنکار و ، نوێنەری هەندێ لە کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی کوردستان ، ئامادەی رۆژی یەکەمی فیستیڤاڵەکە بوون .

کردنەوەی فیستیڤاڵەکە ، لەگەڵ وتنی مارشی نەتەوایەتیمان ( ئەی رەقیب ) ئامادەبووان بۆ ماوەی خولەکێک بۆ گیانی رووحی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان بە پێوە وەستان .

یەکەمین چالاکی ، لە رۆژی یەکەمیندا ، شانۆگەری ( تیتل و بیبل ) بوو.. کە لە لایەن کۆمەڵێک لە منداڵانی بەهرەمەندی کچان و کوڕانی چەند قوتابخانەیەکی شاری هەولێرەوە پێشکەش کرا .. ئەم شانۆگەرییە نووسەر و شاعیری ناسراوی گەلەکەمان خاتوو ( سیمین چایچی ) لە دەقە فۆلکلۆرییە کوردییەکەوە وەری گرتووە و ، بە هۆنراوەی ناسک و ساکار بۆ منداڵان داڕشتووە .. دەرهێنەری بە تواناشمان ، هونەرمەند مامۆستا ( نەوزادی حاجی شووشە ) دەری هێناوە.. دیکۆرە قەشەنگەکەشی مامۆستایان ( بەدرەدین موسا ، سەعد کەریم ، عەلی کازم ، عادیل عەبدوڵڵا ) رازاندبوویانەوە..موزیکیش لە ئامادەکردنی مامۆستایانی موزیکژەن ( دڵدار زرار قادر ، شەریف جەرجیس ، فەهد بورهان ) بوو.. جل و بەرگیش مامۆستایان ( ئەڤین عومەر ، نەجیبە ئەحمەد ) هەڵیان بژاردبوو.. کاری راگەیاندنیش ئەم دوو راگەیاندنکارە رووماڵیان دەکرد ( ریبوار سابیر ، شیرزاد عەبدولرەحمان ) .. رووناکی ( سامان حەبیب ، عەلی کازم ).

شایانی باسە ، شانۆگەری تیتل و بیبل ، جێی پێخۆشحاڵیی سەرجەم ئامادەبووان بوو ، بە تایبەتیش کوردیلە چاوگەشەکانی ناو هۆڵەکە.
لە کۆتاییدا، چرۆ و خونچە هونەرمەندەکان ــ دڵنیاین کە لە داهاتوودا، هونەرمەند و دەرهێنەری بە توانا و باشیان تێدا هەڵدەکەوێت ــ لەلایەن ئامادەبووانەوە بە گەرمی ئافەرین و چەپڵەباران کران .. دەستخۆشی و پیرۆزبایش لە دەرهێنەر مامۆستا نەوزادی حاجی شووشە و ،هەموو ئەو هونەرمەندە دڵسۆزانە کرا.. کە جێپەنجە و رۆڵیان لە سەرکەوتنی ئەم شانۆگەرییەدا هەبوو. دەبوایە هەموو منداڵە بەشداربووەکانی ئەم شانۆگەرییە و ئەوانەی تریش، خەڵات بکرانایە.. یان لایەنی کەمەوە بۆ هاندان و رێزلێنان و یادگاری.. بە هەر منداڵێکی بەشداربوو..( رێزنامە ) یەک کە وێنەی خۆی لەسەر بۆایە.. پشکەشیان بکرایە.

# بەشی منداڵان لە کتێبخانەی گشتی کەرکوک و سلێمانی دا

سەرنووسەری گۆڤاری کوردیلەکان لە مانگی ئوکتۆبەری ساڵی (2011) دا ، بەشی منداڵانی لە کتێبخانەی گشتی شاری کەرکوک و سلێمانی بەسەرکردەوە.

بەداخەوە بەشی منداڵان، لە هەردوو کتێبخانە گشتییەکەدا ، زۆر بێناز و هەژارن. ئەو کتێبانەی کە داشنراون ، حەزی کوردیلەکانمان بۆ خوێندنەوە مەست ناکەن. بەشی منداڵان لە کتێبخانەی گشتی شاری کەرکوکدا ، تەنها بە ناوە بەشە ، ئەگینا هیچ شتێکی هاندەر و شیرین کردنی خوێندنەوەی بۆ منداڵانی کوردمانی لێ نییە .. لە هۆڵێکی بچووک و تاریکدا ، لە گۆشەیکی داماودا ، لەسەر رەفتێکدا ، چەند کتێبێک دانراون ، کە ژمارەیان لە ژمارەی پەنجەکانی دەستمان کەمترن .. ناویان لێ ناوە بەشی منداڵان .. بڕوا ناکەین لە مانگێکدا دە منداڵ روو لەم بەشە بکەن.. سەیری چی بکەن و چی بخوێننەوە؟ خاتوو ( شادیە بەکر محەمەد ) بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی کەرکوک ، ئەویش لەم بەشە رازی نەبوو .. گلەیی ئەوەشی کرد کە وەکو پێویست ئاوڕیان لێ نادەنەوە.. داوای ئەوەشی کرد کە خانەی رۆشنبتری منداڵان - کە سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری کوردستانە.. کۆمەڵێک کتێب ۆ گۆڤاری بابەت هەمەڕەنگەی تازە بۆ منداڵان ، پێشکەش بە بەشەکەیان بکەن.

بەڵام بەشی منداڵان ، لە کتێبخانەی گشتی شاری سلێمانیدا ، بریتییە لە هۆڵێکی سەربەخۆی ماماناوەندی ، تا رادەیەک لەبارە .. ئەگەرچی ژمارەی کتێبەکانی ئەم بەشەش بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و سویدی لە (250) کتێب زیاتر نین .. بەڵام شایانی باسە ، بە جوانی و رێکی لەسەر رەفتەکان دانراون .. سووچەکانی هۆڵەکەش بە تابلۆ رەنگینەکانی منداڵانی کورد رازێنراونەتەوە. وەکو بەرپرسی بەشی منداڵان لە کتێبخانەی سلێمانی خاتوو ( گوڵستان محەمەد سەعید ) باسی کرد ، کە رۆژانە چەندین منداڵ ، بە تایبەتیش لە وەرزی خوێندندا.. روو لە بەشەکەیان دەکەن و ، بێجگە لە کتێب ، کۆمەڵێکیش ئامێر و کەرەستەی یاری و راهێنانی هۆش و ، زانینی ئاستی زرنگی و زیرەکییان دەخەینە بەردەست .

ناشوکریش نەبێت ، ئەمڕۆ بە دەگمەن لە قوتابخانەکاندا ، کتێبخانە هەیە . ئەگەر هەشبێت ، ژمارەی کتێبەکان وکتێبی منداڵان ، کەمێک لە سەرووی سفرەوەن. وەکو چۆن شیری دایک ، زۆر بەسوود و گرنگە بۆ گەشەکردن و نەشونومای لەشی منداڵان .. بەو رادەیەش خوێندنەوە بۆ گەشەکردنی بیر و هۆش و زەینی منداڵان پێویست و بەسوودە. هیواداریین کە ئەم راستییە لە بەرچاوبگرین..



ئەوپەڕی هەوڵ بدەین بۆ رۆشنبیری کردنی کوردیلەکانمان.. بەشی منداڵان لە کتێبخانە گشتییەکان و کتێبخانەی تایبەتی قوتابخانەکان دەوڵەمەند بکەین و سوودی خوێندنەوە لای کوردیلەکانمان شیرین بکەین.

( گۆڤاری کوردیلەکان )

# چەند تابلۆیەکی منداڵانی کورد



یاد دلێر قادر ــ ٦ ساڵ - ئەڵمانیا




هاوناز مەجید محەمەد ــ ١١ ساڵ - سلێمانی



سۆزیار حسێن عەلی ــ ١٢ ساڵ - سلێمانی




یارینە دلێر قادر ١٢ ساڵ - ئەڵمانیا



ئاڤیستا کەمەران محەمەد ــ ١٢ ساڵ - سلێمانی



شەنگە جەبار عەبدوڵڵا ــ ١٢ ساڵ - سلێمانی

# دایك و ژیان



• ساهیرە عەزیز – ئەڵمانیا •



دایك دەخەمە ناو باخچەی ژیان
باخچە پڕ دەکەم لە بۆنی گوڵان

یەك گوڵ دادەنێم بە گەورەیی ئەوان
هەر وشەی دایکە سەربەرزی ژیان

باخچە زۆر خۆشە کە سەوز و جوان بێت
دایك زۆر خۆشە سێبەری ژیان بێت

تا مابم دایکە فێرکەری ژینم
تا دەمرم دایکە سۆز و ئەوینم

گوڵزاری ژیانی پڕ لە گوڵ کردووم
هەر گوڵێك مانای خۆی لا فێرکردووم

هەر لە ئەو فێر بووم مەبەستەکانم
بە تەنها دایکمە هەموو ژیانم

**وێنەکانی بەرگی یەکەم و بەرگی دووەم**

وێنەی بەرگی یەکەم: خونچەگوڵ تابلۆ رابەر رەشید - پردی

وێنەی بەرگی دووەم: چەند دیمەنێکی هەولێری هۆلاکۆ بەزێن

# ••• ئەلبوومی کوردیلەکان •••



لاوەند خالید - سلێمانی



شازی هەڵۆ جەمال - سلێمانی



لارینە هێمن حسێن - هەولێر



لالەند هێمن حسێن - هەولێر



نیڤار ئەحمەد عەلی - سلێمانی



لەری خالید – سلێمانی



ڕەوەز قوباد - چەمچەماڵ



ي و سف جمعه - چەمچەمال





دیدار ئەحمەد علی - سلێمانی

# ••• ئەلبوومی کوردیلەکان •••



ئارین حەمید شوانی



ئارین و کوردین حەمید شوانی - کەرکوك



منداڵێکی کەرکوکی




ئەنەس فەلاح و دییە کەمال - هەولێر



ڕەوێن شاخەوان - نەرویج



ئارمین و ئارژین هێمن حسێن - هەولێر
















©Design By: *Kurdin Jacob*